www.kurdistannet.org
23:29 2006-10-5بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
ئەم نوسینە چەند ڕۆژە نێردراوە بۆ (ك.پ) بەڵام تا ئێستا بڵاوینەکردۆتەوە.

## کوردستان پۆست لە دژی پەنابەران گارەگار ئەکات ... عامر سابیر

asabir79@hotmail. com

کوردستان پۆست و کۆلکە نوسەرەکانی ئەگەر ناتوانن کارێکی عەمەلی لە خزمەت بە پەنابەران و لە دژی دیپۆرتی بە زۆری ئەوان بکەن، ئەوا زۆر باشترە خۆیان کڕ بکەن و قسەی پوچی لە چەشنی (باری گونجاوی ئاسایش و ئازادی و فرسەتی کاری زۆر) کە گوایە بە قسەی ئەمان لە کوردستان بەرقەرارە بهێنن و ئەم پاساوە نا دروستەی هۆم ئۆفیسی بەریتانیا بە گوێماندا نەدەنەوە کە گوایە کوردستان ئامنە.

ئەم نوسەر و پەیامنێرە قەزمانەی کوردستان پۆست کە ناویان لە خۆیان ناوە (ڕۆژنامەنوسی ڕاستگۆ)، مەقالە کرچ و کاڵەکانیان هەر شایانی ئەوەیە کە لە سایتێکی نزمی وەك کوردستان پۆستدا ڕوناکی ببینێت.

ئەو چاوپێکەوتنەی کە لەگەڵ پەنابەرێکدا کردویانە کە تازە لە حەوت ڕۆژ مانگرتن هاتۆتە دەرەوە، کە تازە لە سەر لێواری دیپۆرت ڕزگاری بووە، کە لە هەلومەرجێکی سەخت و چاوەڕوانییەکی ناخۆشدا نیگەرانە، ئەم کۆلکە پەیامنێرانە قسەکانی ئەم پەنابەرە تەحلیل ئەکەن و ئەیهێنن و ئەیبەن و لە دژی حککع بوختانی پڕوپوچی بێ هەڵدەبەستن.

کوردستان پۆست و پەیامنێرەکانی وەك کارێکی ڕۆژنامەنوسی ئەگەر ئەیانەوێت لە سەر ئەو کەمپینە گەورەیەی کە فدراسیۆنی شورای پەنابەران بەرپای کردبوو لە دژی دیپۆرت کە تا ئێستاش بەردەوامە و (چەندین ڕێکخراوی جۆراوجۆر و ئەندام پەرلەمان و... هتد تیایدا بەشدارە) ئەگەر هەر پرسیار و بەدوادا چونێکیان هەبوو بێت، ئەگەر هەر تەحلیل و لێکۆڵینەوەیەکیان لە سەری هەیە و ئەیانەوێت قسەی ڕەسمی فدراسیۆنی شورای پەنابەران و حککع بزانن، ئەوا ئەبوایە پەیوەندی بکەن بە دەشتی جەمال کە سکرتێری فدراسیۆنی شورای پەنابەرانە لە بەریتانیا، وە یان پەیوەندی بکەن بە شەماڵ عەلی کە بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حککع، نەك قسەی ئەندامی شانەیەکی خوارەوەی حزب بە ناوی هەڵوێستی ڕەسمی حیزبەوە بە خوێنەران بناسێنن.

ئەوە حککع و فدراسیۆنی شورای پەنابەرانە کە لە 13 بۆ 14 ساڵی ڕابردوودا دیفاعی سەرسەختیان لە پەنابەران کردووە و بۆ بەدەست هێنانی داخوازیەکانیان چەندەها کەمپینی جۆراوجۆر و دەیان خۆپیشاندانیان لە وڵاتانی ئەوروپا و ئوسترالیا و تورکیا و یۆنان، لە بەردەم ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەفارەتەکان و پەرلەمانەکان و کەمپەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و... هتد بەرپا کردووە. بۆیە هەر چاودێرێکی بە ئینساف ئەتوانێ شایەتی ئەوە بدات و بڵێ کە لە 13 بۆ14 ساڵی ڕابردوودا هیچ پەنابەرێکی عێراقی وە کوردی عێراقی نییە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهرەمەند نەبوبێت لە کۆمەکی مەعنەوی و مادی حککع و فدراسیۆنی شورای پەنابەران.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا کوردستان پۆست و پەیامنێرەکانی ئەگەر بە ڕاستیانە کە نیگەرانی وەزعی پەنابەرانن و دژی دیپۆرتن، بۆچی بە کاری خۆیان نەزانی وە بۆیان گرینگ نەبوو کە سادەترین کار لە دژی دیپۆرتی ئەو 32 پەنابەرە بکەن؟ وە تەنانەت وەك سایتێکی کوردی تەنها نامەیەکی ناڕەزایەتیان نەنارد بۆ هۆم ئۆفیسی بەریتانیا کە تیایدا ناڕەزایەتی لە دژی دیپۆرتی ئەو پەنابەرانە دەربڕن؟

ئێوە كە كارێكی هێندە سادەتان لە دەست نایات بۆ دیفاع لە پەنابەران بیكەن؟ واز لەم گارەگارەش بهێنن لە دژی حككع.

من لەوە تێناگەم كە بۆچی ئەمانە ئەوە بە تاوان ئەزانن كە حككع دیفاع لە ئەندامەكانی خۆی بكات و هەوڵی رزگاركردنیان بدات. ئەم پەیامنێرە بێ ئاگایانە لە پرۆسەی دیپۆرت و كارەكانی ڕێكخراوی (ڕیفیوجی لیگەڵ سێنتە) ئەبێت ئەوە بزانن كە هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە سیاسیەی حكومەتی بەریتانیا لە سەر دیپۆرتی پەنابەرانی كورد پێویستی بە كاری سیاسی و عەمەلی زۆر هەیە تا فشار لە سەر حكومەتی بلێیەر دابنێت و ئەو بڕیارە نا دروست و نا ئینسانییەیان هەڵوەشێننەوە، بۆ ئەو مەبەستە فدراسیۆنی شورای پەنابەران بەرەیەكی فراوانیان پێكهێناوە بە ناوی بەرەی دژی دیپۆرت، كە تا ئێستا چەندین كۆڕ و سمیناریان لە ناو پەرلەمانی بەریتانیادا ئەنجام داوە.

ڕێكخراوی (ئاڕ ئێڵ سی) كاری شمولی ناكات، بەڵكو لە هەموو ئەو پەنابەرانەی كاریان بۆ ئەكات، هەر كەسە بە گوێرەی كەیسەكەی خۆی ئەنجامی ئینجانكشنەكانیان دەردەكەوێت، كە لەم جارەدا توانیان لە ڕێگەی های كۆرتەوە تەنها بەر بە دیپۆرتی پێنج پەنابەر بگرن، كە یەكێك لەوان لە دوا ساتدا لە ناو تەیارەكەوە دەریانهێنایەوە و دیپۆرت نەكرا.

ئەوە جێگەی پرسیارە كە بۆچی كوردستان پۆست كەوتۆتە هەڵەكە سەما، لەسەر ئەوەی كە فدراسیۆن نەیتوانیوە دیپۆرتی هەموو ئەو پەنابەرانە ڕابگرێت؟

ئەمە دوا كاری حكومەتی بەریتانیا نیە، هەر ئێستا زۆربەی ئەوانەی كە ئیقامەی ئینسانیشیان هەیە ڤیزاكانیان بۆ تازە ناكەنەوە، هەر ئێستا ڕاستەكانی زۆر لە وڵاتان وەك سویسرا و هۆڵەندا لە دژی پەنابەران قانونی زۆر نا ئینسانیان دەركردووە، هێشتا كاری زۆر هەیە كە بكرێت بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم قانونانە و دیپۆرت نەكردنەوەی پەنابەران، هەر كەس و لایەنێك بیەوێت كارێك لەم ڕاستایەدا بكات، جێگەی دەستخۆشییە. فدراسیۆنی شورای پەنابەران و كۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حككع ئەمە بە كاری خۆیان ئەزانن، بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە كە پەنابەران خۆیان ڕێكخراو بكەن و یەكگرتووبن، ئەو خۆپیشاندانەی كە فدراسیۆن لە شاری هۆڵ كردی لە جیاتی ئەوەی 400 كەس تیایدا بەشدار بێت، پێویستە 4000 كەس تیایدا بەشدار بێت، ئەو خۆپیشاندانەی كە فدراسیۆن لە لەندەن كردی لە جیاتی ئەوەی كە 100 كەس تیایدا بەشدار بێت، پێویستە 1000 كەس تیایدا بەشدار بێت.

2006/10/2